گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(6).Paper21
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٤/٠٥/٢٠
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٤/٠٧/٣١
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٩

# ململانێی کارەکتەر لە ڕۆمانی "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان"ی "بەختیار عەلی"دا

**ئەڤین ئاسۆس حەمە**

avin.asos@uor.edu.krd

بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە، وەزارەتی پەروەردە، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

ململانێ، وەک تەکنیکێکی ڕۆمان، ڕۆڵێکی گرنگی لە بونیاتنانی ڕوداو و کارەکتەرەکانی ناو ڕۆماندا، هەیە، ڕۆماننوس زۆرجار پلۆتی ڕۆمانەکەی لەسەر ململانێ بونیاتدەنێت. خودی ململانێش لەسەر جۆری ئەو پەیوەندیەی نێوان کارەکتەرەکان دەوەستێت، هەروەها لە ئەنجامی ئەو ناکۆکی و دژیەکییەی نێوان کارەکتەرەکان، یان پێکهاتەکانی تری ڕۆماندا دروستدەبێت، کە سەرئەنجام دۆخێکی دەرونی، یاخود دژیەکی لەنێوانیاندا دەسازێنێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات، لە ڕوانگەی بونیاتی ڕۆمانەکەوە ململانێی کارەکتەرەکان و جۆرەکانی ڕونبکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا هۆکاری پشت ڕوداوەکان و ئەو هۆکارانەی وادەکات کارەکتەرەکان بکەونە ناو ململانێ دەستنیشانبکات.

ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)؛ یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە بە گشتی پشت بە بیرۆکەی ململانێ دەبەستێت، ڕۆماننوس بەشێوەیەکی ورد کاری لەسەر ئەو پەیوەندییە قوڵەی نێوان کارەکتەرەکان کردوە. لە سەرەتای گێڕانەوەکەدا لە ململانێی کارەکتەرەکانەوە دەست پێدەکات و دواتر درێژدەبێتەوە بۆ قوڵایی ڕوداوەکان و ململانێکانی نێوان خودی کارەکتەرەکان یان کارەکتەر و کۆمەڵگا. لەم ڕوانگەیەوە، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵمانداوە ململانێ و جۆرەکانی لەگەڵ هۆکارەکانی ئەو ململانێیەی ڕۆڵییان لە پێشخستنی ڕوداوەکاندا هەیە، دەستنیشان بکەین.

لە ئەنجامی توێژینەوەکەشدا دەگەینەوە ئەوەی، کەوا ململانێ کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەفتار و ڕەوشتی کارەکتەرەکان و دەبێتە هۆی گۆڕانی هزر و تێگەیشتنی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانی "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان"، بە جۆرێک هەریەک لە کارەکتەرەکان، "کامەرانی سەلما، خالید ئامون، مەنسور ئەسرین" تێڕوانیان بەرامبەر

خۆشەویستی و ژیان بەشێوەیەکی گشتی دەگۆڕێت. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکانمان ئاماژە پێداوە.

**کلیلە وشەکان:** ململانێ، کارەکتەر، ململانێی دەرونی، ململانێی کۆمەڵایەتی، ململانێی ئایدۆلۆژی .

## پێشەکی:

یەکێک لە ژانرە دیار و پەرەسەندوەکانی ئەدەب، ڕۆمانە، کە بە درێژایی مێژوی دەرکەوتنی ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەسەندندایە. ئەم ژانرە، لە شێوازی گێڕانەوە و ڕێکخستنی ڕەوتی ڕوداوەکان و بەرەوپێشبردنی تەکنیک و فۆڕم و پێکهاتەی جیاواز لەخۆدەگرێت. ململانێ وەک داینەمۆی ڕۆمان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە تەکنیکی داڕشتنی ڕوداوەکان و کارەکتەرەکانی ناو ڕۆماندا، ڕۆماننوس پلۆتی ڕۆمانەکەی لەسەر ململانێ بنیات دەنێ. ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکان؛ یەکێکە لەو ڕۆمانانەی، کە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بونیاتی ململانێ دامەزراوە و هەر لەسەرەتای گێڕانەوەکە بە ململانێی کارەکتەرەکان دەستپێدەکات و دواتر شۆڕدەبێتەوە بۆ قوڵایی ڕوداوەکان و ئەو ململانێیانەی لە نێوان کارەکتەرەکان خۆیان، یان کارەکتەر و کۆمەڵگادا دروست دەبێت. هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە، جۆر و هۆکاری ململانێکان و ڕۆڵیان لە بەرەوپێشبردنی ڕوداوەکاندا دەربخەین.

**ناونیشانی توێژینەوە:** ململانێی کارەکتەر لە ڕۆمانی "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان"ی "بەختیار عەلی"دا.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا، سودمان لە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی وەرگرتوە، بەهۆی ئەوەی ململانێ زیاتر چەمکێکی کۆمەڵناسییە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات چەمکی ململانێ شیبکاتەوە و پەیوەندی ململانێ وەک چەمکێکی کۆمەڵناسی لەناو ئەدەب و ژانری ڕۆماندا دەربخات، لە لایەکی ترەوە هەوڵدەدات، ڕۆڵی ڕۆماننوس لە بەرجەستەکردنی ئەم چەمکە لەناو ڕۆمانەکەدا پیشانبدات، هەروەها شیکردنەوەی دۆخی دەرونی کارەکتەرەکان و پەیوەندییان بە ململانێکانیانەوە ڕوندەکاتەوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کەوا ململانێی کارەکتەرەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پێشخستنی ڕوداوەکانی ئەم ڕۆمانە و مەودایەکی فراوانی داگیرکردوە، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕۆماننوس بە جۆرێک کارەکتەرەکانی سازاندوە کەوا هەریەکەیان بەرجەستەکەری ڕەهەندێکی ئەم ململانێیەن لەناو ڕەوتی ڕوداوەکاندا، لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ دەرخستنی جۆرەکانی ململانێ و شیکردنەوە و چۆنییەتی مەزراندنی ئەم چەمکە لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە پێکهاتوە لە دو بەش، بەم شێوەیە تەوەرەکانیمان ڕێکخستوە:

لە بەشی یەکەمدا باسمان لە چەمکی ململانێ، پەیوەندی چەمکی ململانێ بەئەدەب، ململانێی نێوان کارەکتەرەکان لەناو ڕۆماندا، کردوە.

لەبەشی دوەمدا بە وردی باسمان لە؛ ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، جۆرەکانی ململانێ لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا کردوە. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا چەند ئەنجامێک و سەرچاوە بەکارهاتوەکان خراونەتە ڕو.

## تەوەری یەکەم

### ١.چەمکی ململانێ:

ململانێ لە زانستی کۆمەڵناسیدا، یەکێکە لەو چەمک وبابەتە سەرەکییانەی ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە. بە تێپەڕبونی کات، گۆڕانکارییەکانی مێژوی شارستانییەت و ژیاری مرۆڤ بەندە بە بونی ململانێ، ئەمەش لە چەندین شێوەی جۆراوجۆردا خۆی دەنوێنێت. چەمکی ململانێ لەڕوی زاراوەسازییەوە بەم شێوەیە واتاکەی لێکدراوەتەوە (ململانێ Conflict لە بناغەدا وشەیەکی لاتینییە و لە Configere وەرگیراوە، ئەم زاراوەیە مانای دۆخێکی گرفتاوی دەبەخشێت، کە بەهۆی دو تێڕوانینی بەیەک ناکۆک، یان دو بەرژەوەندی دژ بەیەک، یاخود دو ئامانجی لێک جیاواز لە مرۆڤێکدا یان لە نێوان دو مرۆڤدا دروست دەبێت.)(فتاح، ٢٠٠٧: ١٠)، بەم پێیە وەکو دۆخێک تایبەتە بە پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی یا خەڵکانی دەوروبەری، ئەم دۆخەش لەسەر بنەمای تێڕوانینی ناکۆک یا بەرژەوەندی دژ بە یەک دروست دەبێت. لە فەرهەنگی (Oxford)دا بە واتای (دوبەرەکی، شەڕکردن، مشتومڕ و دەمەقاڵێ، جیاوازی لەنێوان دو ئایدیا)(Oxford,2006: 153). لە فەرهەنگی "هەمبانە بۆرینە" دا بە چەند واتایەکی لێک نزیک و جیاواز ڕونکراوەتەوە(ڕکەبەری، زۆرانێ، ململانە) (موکریانی،١٣٨٤: ٨١٣). لەهەریەک لەم فەرهەنگانەدا واتاکەیان نزیک لەیەکتر بەکارهاتون. بەشێوەیەکی گشتی لەڕوی زاراوەوە زیاتر بەمەبەستی ڕکابەری و دوبەرەکی و ناکۆکی دێت، جا ئەم ڕکابەری و ناکۆکییە لەنێوان مرۆڤەکان بێت یان دیاریدەکانی ناو سروشت یان پەیوەست بێت بە ژیانی مرۆڤایەتییەوە. ململانێ چەمکێکی فرە ڕەهەندە، دەکرێ لە چوارچێوەی دەرونناسی یان کۆمەڵناسی یان فەلسەفی لێی بکۆڵدرێتەوە، لە هەریەک لەم بوارانەشدا پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە. لە ڕوانگەی دەرونناسییەوە "ئەحمەد عیززەت ڕاجیح" لە کتێبی "اصول علم النفس"دا پێیوایە (پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان کەسێتی تاک و دروستی دەرونیدا هەیە و ململانێ یەکێکە لەو هۆکارانەی کار لە دروستی دەرونی تاکەکان دەکات و ناهاوسەنگییەک لەنێوان تەواوکارییەکانی کەسێتی تاک و کۆمەڵگاکەیدا دروست دەکات و بەرەو نەگونجان و هەڵنەکردنی دەبات لەناو کۆمەڵدا، جا ئەم ململانێیەش بەشێوەیەکی ئاشکرا بێت یان پەنهان و شاراوە، هەربۆیە ململانێ بەواتای هەڵگیرسانی جەنگ دێت لە چوارچێوەی کەسێتیدا، کە دەبێتە هۆی یەک نەگرتنەوە و ناهاوسەنگی و هانی دەدات بۆ هەڵوەشاندنەوە و لێکترازان) (راجح، ١٩٦٨: ٤٦٥) بەو واتایەی تەندروستی دەرونی مرۆڤ بەندە بەو جەنگەی لە ناخی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت و بەرەو ناهاوسەنگی و شڵەژانی دەرونی دەبات. لە لایەکی ترەوە بەو جۆرە پێناسەی ململانێ دەکات، کە (بەواتای دژبونی دو هێز دێت، یەکیان پاڵنەر و ئەوی تریان ڕێگر، ململانێ یەکێکە لە یاسا چەسپاوەکانی ژیان، هەروەک زیندەوەرانیش لە ململانێ دان لە پێناو مانەوە(راجح، ١٩٦٨، ٤٦٥)، کەواتە ململانێ

ڕوبەڕوبونەوەی دو هێزی دژ بەیەکە، یەکێکیان پاڵنەرە و ئەوی تریان ڕێگری دەکات، لەنێوان ئەو دو هێزەشدا مرۆڤ بەردەوام لەکێشەدایە بۆئەوەی بەلایەکدا بکەوێت. هەر لەو کتێبەدا؛ "د. ئەحمەد عیززەت" چوار جۆر ململانێ دەستنیشان دەکات، ئەوانیش (ململانێی دەرەکی یا ناوەکی، ململانێی کاتی یا ململانێی بەردەوام، ململانێی سادە و ساکار یا ململانێیەکی توند و بەهێز، ململانێی هەستپێکراو یا نەستی)(راجح، ١٩٦٨: ٤٦٦)هەریەکە لەم جۆرانەش بەشێوەیەکی دیاری کراو کاریگەری لەسەر دەرون و جەستەی مرۆڤ بەجێدەهێڵن، زۆرجاریش دەگونجێت بەرەو توندوتیژی ببات. لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە ململانێ پەیوەستە بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا و تاکەکان. هەروەک گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بەندن بەململانێ و ڕکابەری نێوان تاکەکان یا چینە جیاوازەکان یا سروشت و ڕوداوەکان. "ئەحمەد زەکی بەدەوی" لە "معجم المصطلحات العلوم الاجتماعية"دا بەم جۆرە پێناسەی دەکات (ئەو ئاڕاستەیەیە، کە دەیەوێت بەسەر تاکێک یا گروپێکدا سەربکەوێت، کە بەرامبەری دەوەستێت و دژییەتی لەگەڵ زیان گەیاندن بە دەستکەوتەکانی، ڕۆشنبیرییەکەی یان هەر شتێک پەیوەست بێت بەئەوانەوە، لەو ڕوانگەیەشەوە ململانێ فۆڕمێک لەهێرش بردن و بەرەنگاری کردن وەردەگرێت.) (بدوی، ١٩٨٢: ٣٨٢) لێرەدا ململانێ لەسەر بنەمای دژبون و سەرکەوتن بەسەر ئەوی تردا هەنگاو دەنێت، کە جۆرێک لە هێرشبردن بەرەنگاریکردن لەخود لەخۆیدا بەرجەستە دەکات. "ماکس ڤیبەر" پێیوایە (ململانێ یەکێکە لەئاڕاستەکانی کردەی کۆمەڵایەتی، کە بەجۆرێک لەجۆرەکان کار لە بەتاڵکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و ناهێڵێت ئەو ململانێیە بەردەوام بێت، لەدواتریشدا دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتی)(حسین، ١٩٨٩: ١٧)، کەواتە ململانێ لەسەر دو ئاڕاستە کاردەکات، ئاڕاستەیەکی دژ و ڕکابەری، ئاڕاستەیەکی بەرەنگاریبونەوە و نەهێشتنی ئەو ململانێیە.

لەلایەکی تر "ئەحمەد خورشید ئەلنورەچی" لە درێژەی بۆچونەکانیدا لەبارەی چەمکی ململانێ، پێیوایە (ململانێ چەشنێکە لەچەشنەکانی کارتێکردنی کۆمەڵایەتی و لە ئەنجامی نەگونجانی بەرژەوەندییەکانەوە دروست دەبێت، ئەو هەڵوێستە کێبرکێیە هەر یەک لە ڕکابەرەکان نەیارەکەی دەناسێ و درک بەوەش دەکات، کەوا هیچ شێوەیەک، بۆ گونجاندن لەنێوان بەرژەوەندی خۆی و بەرژەوەندی نەیارەکەیدا نییە، ئەوسا کێبڕکێیەکە دەگۆڕێت بۆ ململانێ و هەریەکە لەپێناو لەناوبردنی ئەوی دیکە و سەرکەوتن بەسەریدا هەنگاو دەنێت)(النورەچی، ١٩٩٠: ١٦٢-١٦٣). بەوپێیە سەرەتا ململانێ لە ئەنجامی جیاوازی بیروڕاکان، یان ئامانجەکان دروست دەبێت و دواتر دەگۆڕێ بۆ ململانێ، تاکو توندتریش بێت ململانێیەکە توندتر دەبێت و سەردەکێشێت بۆ توندوتیژی و لەناوبردنی ئەوی تر.

لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، وەک تیۆر و بیردۆزەیەک کار لەسەر ململانێ دەکرێت، واتە تیۆری ململانێ یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی گۆڕانی کۆمەڵگا، ئەم تیۆرە وا لەململانێی کۆمەڵگا دەڕوانێت، کە حاڵەتێکی بەردەوامی نێوان کۆمەڵ و چینەکانی کۆمەڵگایە، ئاڕستەیەکە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی. پێیوایە کۆمەڵگا لەدۆخێکی بەردەوامی ململانێ دایە و پڕۆسەی ململانێش لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە ئەنجامی جیاوازی ئامانجەکانەوەیە(زندی، ٢٠٠٩: ٢١).

هەر لەم ڕوانگەیەوە "کارل مانهایم" یەکێکە لە داڕێژەرانی ئەم تیۆرە؛ پێیوایە ململانێی کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی گۆڕانی کۆمەڵگا و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەسوڕێتەوە، ئەم گۆڕانکارییەش لەئەنجامی کێشمەکێشم و ململانێکانەوەیە، کە لەنێوان چینە جیاوازەکان، یان نەوە جیاوازەکان یان لایەنە سیاسییەکان، یان ڕەوتە ئاینییەکانەوە ڕودەدات (زندی، ٢٠٠٩: ٢٢).

ململانێ وەکو چەمکێک، تەنها تایبەت نییە بە مرۆڤ، بەڵکو وەک دیاردەیەک پەیوەستە بەسەرجەم پێکهاتەکانی زیندەوەران بە مرۆڤ و بونەوەرانی تریشەوە، هەروەک "ئەلنورەچی" پێیوایە لەناخی گیانەوەراندا ململانێیەک هەیە لەنێوان فاکتەرەکانی مانەوە و فاکتەرەکانی لەناوچوندا، گیانەوەرانیش هەمیشە غەریزەی ژیان و مانەوە وای لێدەکات، لەئاست ئەو هێزانەدا، کەناتوانێت بەسەریاندا زاڵ بێت جێگۆڕکێ بکات و بەردەوام لەململانێدا بێت.(النورەچی،١٩٩٠: ١٦٣)کەواتە گیانەوەرانیش هاوشێوەی مرۆڤ لەپێناوی مانەوە و بەرگریکردن لە خود بەردەوام لەململانێدان و توشی تەنگژەکانی ژیان دەبنەوە (بچوکترین زیندەوەر تا دەگاتە مرۆڤ ناتوانێت خۆی لەکێشمە کێش و ناکۆکی و نەگونجان و بەرەنگاری و کێبڕکێ بەدور بگرێ.) (ابراهیم، ٢٠٠٨: ١٠). بەشێوەیەکی گشتی ململانێ لەسەر بنەمای ناتەبایی و دژیەکی و ڕکابەری دروست دەبێت، جا لەنێوان مرۆڤەکان خۆیان دابێت یان دیاردە کۆمەڵایەتی و ڕەوت و ئاڕاستە جیاجیاکاندا. گونجانی بەرژەوەندییەکان و دژیەکی ئامانجەکان و هەلوێستی جیاوازیش دەبێتە هۆی دروست بونی ململانێ لەنێوان چینە جیاوازەکان و هزرە ناتەبا و دژیەکەکان.

لێرەوە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤەکان پێکدەهێنن، لەئەنجامی ئەو کێشمەکێش و ململانێ و دوبەرەکیەی، کە ڕودەدات دەشێ ببێتە خاڵی وەرچەرخان، یان گۆڕانی تاکەکان و کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی، هەربۆیە دەکرێ بڵێین؛ ململانێ بریتییە لەو دۆخە دەرونیەی تاکەکان و ئەو دۆخە ڕکابەرییەی، کە دروست دەبێت، لەئەنجامی ناکۆکی و دژیەکی بیروڕا و گەیشتن بەئامانجەکان، ئەمەش لەئەنجامدا وادەکات هەر لایەنێک خۆی زاڵ بکات بەسەر ئەوی تردا و هەوڵی چەسپاندنی خود بدات بەسەر ئەوی تردا، ئەمەش زۆرجار بەرەو توندوتیژی دەبات، دەشێت بەرەو دۆخێکی نەخوازراویش بچێت.

## ٢. پەیوەندی نێوان ململانێ و ئەدەب:

نوسەر کاتێ دەقێکی ئەدەبی بەرهەم دەهێنێ هەست و سۆز و تاقیکردنەوەکانی سەرەڕای ئەوەی خودین، لەهەمانکاتیشدا تایبەتن بەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی، هەروەک ئەدەب خۆی بوارێکی فراوانە و لە توانایدایە کێشە و ململانێکانی مرۆڤایەتی بخاتە ڕو (لە بەرهەمی ئەدەبیدا ململانێ وەکو هەریەکێک لەبنەماکانی دیکەی ئەدەب بنەمایەکە ناکرێت بخرێتە پەراوێزەوە و بەشێوەیەکی ڕون هەستی پێدەکرێت، جۆرە سیمایەکی تایبەتیش دەدات بە بەرهەمەکە، بەتایبەتی لە چیرۆک و شانۆگەری و ڕۆماندا، دەتوانین بڵێین بەشێکی نوسراوە ئەدەبییەکانیش لەسەر ئەم بنەمایە داڕێژراون، چونکە ڕوداو و ململانێ ڕەنگدانەوەی ناخی نوسەری دەقە ئەدەبییەکانن و نوسەر لە ڕێگەی کردە ئەدەبییەکانەوە دەریان دەخات.)(ابراهیم، ٢٠٠٨: ٣٢) ژانرە جیاوازەکان بەشێوەیەکی گشتی ناوەندێکن بۆ دەرخستنی

ململانێ، بەڵام هەریەکەیان بەشێوازێک و تەکنیکێکی تایبەت بەخۆی، لە ڕۆماندا، ((ڕۆمان ژانری پیشاندانەوەی ململانێ جۆربەجۆرەکانی نێ کۆمەڵگایە کە لە ئەنجامی قەرەباڵغی و کێشمەکێشەکانی نێو کۆمەڵگا دروست دەبێت))(پیرۆت و عەبدولغەفور، ٢٠٢٤: ٥٧١)، بەو واتایەی ڕۆمان دەربڕی کێشە و ململانێکانی نێو کۆمەڵگایە و ڕۆماننوس هەمو ڕەگەز و بەشەکانی ڕۆمانە بەشێوەیەکی وا ڕێکدەخات و شکڵیان پێ دەبەخشێت، کە زیاتر جەخت دەکاتە سەر ئەو شتەی دەیەوێت، بەشێوەیەک بەشەکانی وەک یەک لەنێو بیرۆکەکاندا بمەزرێنێت.

لەلایەکی تر هەر خودی پرۆسەی نوسین، زۆرجار لە ئەنجامی ململانێی خاوەن دەقەوە لەدایکدەبێت، یاخود نوسەر کاتێک دەیەوێت خۆی دەرببڕێت، بەجۆرێک لەگەڵ دەرونی خۆیدا دەکەوێتە ململانێ، کە ئەو دەقەی دەیەوێت بە چ شێوازێک ئافراندنی تێدا بکات و بەرجەستەی بکات، بەشێوازێک ڕەنگدەرەوەی هەستە خودی و تایبەتییەکانی بێت، هەر ئەو ململانێیەش هەوێنی لەدایکبونی دەقە، جا ئەو دەقە دەقی ئەدەبی بێت یان هەر دەقێکی تر، بەڵام لەئەدەبدا فاکتەرێکی سەرەکی پرۆسەی داهێنانە (دەکرێ ململانێ و هەڵگەڕانەوە بەشێک بێ لە کردەی داهێنان و لە خولقاندنی نوسەر..هەروەها "دەبلیو. بی. ییتس"ی شاعیر ڕایگەیاند کە ڕەوانبێژی و هونەری پەخشان نوسین لەوەوە سەرهەڵدەدا کە تۆ لەململانێ دای لەگەڵ خەڵکیدا...بە واتا لەجەنگ دای، بەڵام نوسینی شیعر جەنگە لەگەڵ زاتی خۆتدا. ئەو جەنگ و ململانێیەی کە ئێمە لەناو خودی خۆماندا دەیانهێڵینەوە دەبن بەهێز و گوڕ و تینێکی لەبن نەهاتو بۆ، نوسەر کە وادەکات خولقێنەر بێت)(حەسەن، ٢٠٠١: ٢٦). ململانێی ئەدەبی هەر لەناو ژانرە ئەدەبییەکاندا ڕەنگ ناداتەوە، بەڵکو دەکرێت لەنێوان ڕێبازە ئەدەبییەکان، کێشەی نێوان کۆن و نوێ، فۆرم و ناوەرۆک... هەستی پێ بکرێت، بەو واتایەی ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی لەسەر کردەی ململانێ وەستاوە و فاکتەرێکی زیندوە لە دەرکەوتنی دەقی ئەدەبی و ژانرەکان و پەرەسەندنی ئەدەب بەگشتی

## ٣. ململانێی نێوان کارەکتەرەکان لەناو ڕۆماندا:

ململانێ وەکو تەکنیکێک یان ئامرازێک، تایبەتە بەدەرخستنی ئەو کێشمەکێشم و لایەنە دژ و بەرامبەریەکانەی، کە لە ئەنجامی ململانێوە دروست دەبن. لەناو بەشی زۆری ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکانیشدا بەرجەستە دەبێت، بەتایبەتیش لە ڕۆماندا، ئەمەش هەروەک وتمان، لە ڕۆماندا پانتاییەکی فراوانتری و ڕوداو و کەسێتییەکان پیشاندەدرێت و مەودای داهێنان و ئەفراندنی هونەری و دەرخستنی ململانێکان زیاترە (لەنێو ئەو بوارە ئەدەبییانەی کە نوسەر دەتوانێت ئارەزوە خەفە کراوەکانی بکاتە کردەیەکی ئەدەبی، ڕۆمان فراوانترین بوارە، چونکە ڕۆماننوس پەیوەندییەکی بەهێز و تۆکمەی لەگەڵ کۆمەڵدا هەیە و دەشێ تێرنەکردنی ئارەزوەکانی و خەفەکردنیان بکاتە ئەو بیرۆکەیەی کە ناوەرۆکی ڕۆمانەکەی لەسەر دادەنرێت.) (ابراهیم، ٢٠٠٨: ٣٣)بەو پێیەی ڕۆمان پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە، لەگەڵ کۆمەڵگا و ئەو واقیعەی ڕۆمانەکەی تێدا سەرهەڵدەدات، فەزایەکی گونجاوە بۆ دەرخستنی ململانێکان، ئەمەش لەڕێی کارەکتەرەکان یان ڕوداوەکانەوە پیشاندەدرێت (ڕۆمان بەزمانێکی هەژێنەر و پاراو، ناوەرۆکی خۆی

لە ڕوداوە جەوهەرییەکانی ژیان وەردەگرێ، ئەڵبەت بە کەڵک وەرگرتن لە ڕابردو تەکانپێدانی بەرەو داهاتو، ئەو ڕوداوە جەوهەرییانەی ژیان، لە هەواڵێک "خبر" پەیدادەبێت، کە ڕوداوەکە و کەسایەتییەکان و ململانێکە تێکڕا دەچنن.)(سەراج، ٢٠٠٧: ٣٩) کەواتە ڕوداو و کارەکتەر، لەگەڵ ململانێ لە پەیوەندییەکی بەردەوامدان و بەشێوەیەکی گشتی پێکەوە داڕێژەری ڕۆمانەکەن، لەلایەکی تریش بە بۆچونی تر ململانێکان دەبنە هۆی دروست بونی ڕوداوەکان، کە زۆر جار لەڕێی کێبەرکێ و بەریەککەوتنی کارەکتەرەکان یان ململانێی نێوانیان دروست دەبێت، هەروەک "مەجدی وەهبە" لەبارەی ململانێوە دەڵێت: (ململانێ بەریەککەوتنی نێوان کارەکتەرەکانە یان ئەو ناکۆکییەیە، کە سەر دەکێشێت بۆ دروستبونی ڕوداوێک لە شانۆ یان چیرۆکدا، دەگونجێت ئەو ململانێیە ناوەکیبێت و لە دەرونی یەک کارەکتەرەوە سەرچاوە بگرێت یان لەنێوان چەند کارەکتەرێک، یانیش دەگونجێت ململانێیەکە دەرەکیبێت وەک ژینگەکەی یان ئەو قەدەرەی، کە بۆی دروست دەکرێت)(وهبە، ١٩٧٤: ٨٥). وێناکردنی ئەو ململانێیەش لە ڕێی کارەکتەرەکانەوە توانای ڕۆماننوس، لە بەرجەستەکردنی دیمەنەکان و ئافراندنی وێناکانی ناو ڕۆمانەکەی دەردەخات.

ململانێ وەک توخمێک یان بونیادێکی چیرۆک و ڕۆمان باس دەکرێت، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە پێکهاتەکەیدا (ململانێ وەکو تەکنیک و توخمێکی چیرۆک، گرینگی خۆی لە بنیادی چیرۆکدا هەیە. ئەگەر ئەم توخمە نەبێ، ڕوداوەکان توشی سڕبون دەبن، کەواتە پلۆت دروست نابێ. ئەم تەکنیکە پتر لەگەڵ کارەکتەردا سەروکاری هەیە. پلۆت هەمیشە لەگەڵ ململانێ لە پەیوەندیدایە، واتە لەئەنجامی ڕوبەڕوبونەوەی کردەوەی کارەکتەری سەرەکی چیرۆک لەگەڵ کردەوەی کارەکتەرەکانی دیکە، ململانێی ناو چیرۆک پەیدا دەبێ)(مەنتک، ٢٠١٨: ٩٣). لەبەرئەوەی چیرۆک و ڕۆمان لە زۆربەی پێکهاتە و بونیادەکەیاندا هاوبەشن، هەربۆیە کاتێک باسی ململانێ دەکرێت لە چیرۆکدا هەمان شتیش ڕاست دەبێت بۆ ڕۆمان، هەر لەبەرئەوە لەئەنجامی کردەوەکانی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان و هەڵسوکەوت و جوڵەکانیان ململانێ دروستدەبێت. ململانێی کارەکتەرەکانیش لەئەنجامی ناکۆک بونیان و ئەو ڕکابەرییەی نێوانیان دروستدەبێت، جا بەشێوەیەکی نهێنی، یان ئاشکرا بێت، زۆرجاریش لەئەنجامی هۆکاری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، ڕۆشنبیری یان ئایینی سەرچاوە دەگرێت، ئەم چەمکەش گرنگی خۆی هەیە لەبەرەو پێشچونی ڕەوتی ڕوداوەکانی ناو گێڕانەوەکە. "جان پوک" لەبارەی گرینگی توخمی ململانێوە دەڵێت: (لە دەقی ئەدەبیدا دەبێ جۆرێک لە ململانێ هەبێ، ئەگەر نا چیرۆک بونی نابێت. بونی دژوازی و جوایەزی یەکێکە لە ڕێیە هەرە خێراکانی دروستبونی ململانێی چیرۆک.)(مەنتک، ٢٠١٨: ٩٤) بەپێی ئەو بۆچونە ململانێ وەکو پێویستییەک وایە بۆ بونیادی ڕۆمان و چیرۆک.

کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر گۆڕانیان بەسەردا هاتوە، جا چ لە ڕوی چۆنیەتییەوە بێت یان لە ڕوی چەندێتییەوە، بەواتایەکی تر کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان لەو شێوە تەقلیدییەی پێشوتردا نەمان،

بەڵکو ڕۆماننوس بەجۆرێک کارەکتەرەکانی هەڵدەبژێرێت، کە لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنەکاندا بگونجێن (لە ئەنجامی ئەو بەرەو پێشچونە گەورەو بەردەوامەی لەچەندان شوێندا ڕویدا، ئیتر لەناو کۆمەڵگادا بوبێت یان لەناو ڕۆماندا، نمونەی نوێی پاڵەوانێتی ڕۆمان دەرکەوت، چیتر یەک تاقە پاڵەوان هەمو پانتاییەکە داگیر ناکات و ڕێ بە چەندان پاڵەوانی تر درا، کە لەهەمان ڕۆماندا دەربکەون، هەروەها دەنگەکان زۆر و هەمەڕەنگ بون، چەمکی پاڵەوانێتیش بەردەوام دەگۆڕا و بەرەو پێشەوە دەچو، ململانێ بوە سیفەتێکی سەرەکی ڕۆمان هەروەکو چۆن لە ژیانیشدا هەروایە، لەبەر ئەوە چیتر ڕۆمان پێویستی بە پاڵەوانی لە ڕادەبەدەر یان هەمیشە سەرکەوتو یان ئەوەی زیرەک و بەهێز نەما، بەڵکو کارەسات و شکستەکان و وردبونەوە لەجیهانی ناوەوە بونە پاڵەوانی سەرەکی و پەسەند لە ژمارەیەکی زۆری ڕۆمانەکاندا)(مونیف، ٢٠٠٦: ١٩). بەو پێیە لەگەڵ گۆڕانی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان ململانێ وەک سیفەتێکی سەرەکی خۆی بەرجەستەکردوە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتی ڕۆمان لەسەر ململانێ دامەزراوە، چونکە ڕۆماننوس لە کێشمەکێشمدایە لە بەرەو پێش بردنی ڕەوتی ڕوداو و بەسەرهاتەکانی ڕۆمانەکەی جا لەڕێگەی کارەکتەرەکانەوە بێت، یان ئەو هەڵکشان و داکشانەی لەناو ڕۆمانەکەیدا دەبێت و دەبێتە هۆی دروستبونی گرێ و دواتریش بەرەو کردنەوەی گرێکان و چارەسەرکردنی کێشە و کۆتاییهاتنی ڕۆمانەکەی دەبێت (کێشە لەئەنجامی بونی دو هێزی دژ بە یەک دروست دەبێت، ئیدی چ دژایەتی مرۆڤ بێت لەگەڵ خۆی یا مرۆڤ و کۆمەڵ بێ، بەلام هەندێ جار هێزە دژەکە بە ئاشکرایی نابینرێت و بە ئاسانی دیار ناکەوێت، بەڵکو شاراوەیە و زۆر بەکزی هەستی پێدەکرێت، جا لەبەر ئەوەی پلۆتی چیرۆک دروست نابێت ئەگەر کێشەیەک نەبێت، بۆیە لەو جۆرە چیرۆکانەدا کە کێشەیەکی ڕاستەقینەی تێدا نەبێت، چیرۆکنوس هەل و مەرجێک دروست دەکات هەست بەبونی گیروگرفتێک بکرێت تەنانەت ئەگەر ئەو گیروگرفتە هەر بونی نەبێت و تەنها لەمێشکی کەسێتی ناو ئەو چیرۆکە هەبێت.)(سابیر،٢٠٠٠: ١٢٠). کەواتە دروستکردنی ئەو کێشە و ململانێیە لە دەسەلاتی نوسەردایە، کە چۆن دەتوانێ دروستی بکات و لە نەبونەوە بیهێنێتە بون و بیکاتە کێشەیەکی دیار و لەناو ڕۆمانەکەدا بەرجەستەی بکات.

لە ناو ڕۆماندا دەکرێت چەند جۆرێک لە ململانێ هەبێت و لە نێوان کارەکتەرەکاندا یان لەناو ڕوداوەکاندا ڕەنگ بداتەوە، هەریەک لەو جۆرانەی ململانێ دەکرێ لەناو ڕۆماندا هەستیان پێ بکرێت و لە ڕۆمانێکەوە بۆ ڕۆمانێکی تر بەشێوەی جیاجیا بەکارببرێن، ئەمەش دەکەوێتەوە سەر توانایی و سەلیقەی ڕۆماننوس. هۆکارەکانی دروست بونی ململانێش لەناو دەقی ڕۆماندا دەکرێ جیاواز بن، بۆنمونە دەکرێ ئەو ناکۆکی و دژیەکییە لەئەنجامی ئایدۆلۆژیا جیاوازەکانی کارەکتەرەکانەوە بێت، یان هۆکاری ئابوری و جیاوازی چینایەتی، هۆکاری ئایینی، جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری کەسێتییەکان، یان هەر هۆکارێکی تر، کە ڕۆماننوس بیکاتە فاکتەری پەیدابونی ململانێکان و ناکۆکییەکانی نێوان کارەکتەرەکان یان ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکەی. دەکرێت هۆکاری دەرونی و کۆمەڵایەتییش

هەبن و ببنە هۆی دروستبونی ململانێی خودی، وەکو ئەوەی کارەکتەرێک لەگەڵ خۆیدا بکەوێتە ململانێ. هەروەها ململانێی کۆمەڵایەتیش هەبێت.

## ٤. جۆرەکانی ململانێ:

ڕەخنەگران بەشێوەیەکی گشتی، ململانێ بە چەند جۆرێک پۆلێندەکەن، بەڵام دیارترینیان بریتین لە:

١-ململانێی دەرونی: ئەم جۆرەی ململانێ پەیوەستە بە دۆخی دەرونی و دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکان، بەشێوازێک (کارەکتەر لەگەڵ دەرونی خۆیدا ناکۆک دەبێت و ململانێ لەگەڵ دەرونی خۆیدا دەکات و بەرەنگاری هەستە دەرونییەکانی خۆی دەبێتەوە)(ابتسام، ٢٠٢٠: ١٦). ئەم جۆرە لە ململانێ دەشێت لە ئەنجامی (بەریەککەوتنی ئەو شتانەی پێویستە بکرێن و ئەوەی دڵ ئارەزوی دەکات، زۆرجاریش دەشێت مرۆڤ بیەوێت دو شت بەیەکەوە ئەنجامبدات، یان دو شت بەیەکەوە بەدەستبهێنێت، یاخود زۆرجار بەربەستێکی ماددی یان کۆمەڵایەتی،... دێتە بەردەم بەدەستهێنانی ئامانجەکانی)(میساوی، ١٩٩٤: ٣٦) لەبەرئەوە هەریەک هێزە دژ و ناکۆکەکان لە دەرونی کارەکتەردا دەکەونە ململانێ و تێیدا هەستی بێزاری یان شەڕەنگێزی یان نامۆیی یان خەمۆکی،.... لە دەرونی کارەکتەردا دروست دەبێت.

٢- ململانێی کۆمەڵایەتی: ئەم جۆرەی ململانێ پەیوەستە بە پەیوەندی کارەکتەرەکان لەنێوان خۆیاندا، یان پەیوەندی کارەکتەر لەگەڵ کۆمەڵگا. لەکاتێکدا ململانێی کۆمەڵایەتی بەهۆی (تێڕوانینی تاک بەرامبەر بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و هەڵوێست وەرگرتنی لەبەرامبەر ئەو کێشە جیاوازانەی کە لە کۆمەڵگادا ڕودەدات، سەرهەڵدەدات، ئەم ململانێ کۆمەڵایەتییە پەیوەندییەکانی تاک لەگەڵ کۆی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگا وەک؛ لایەنی کۆمەڵایەتی، ئابوری، کولتوری، بەها و پێوەرە ئایینی و زمانییەکان لە کۆمەڵگادا دەگرێتەوە)(المراح، ٢٠١٧: ٣)، لەم جۆرەیاندا کارەکتەرەکان لەگەڵ یەکتر ناکۆک و ناتەبان یاخود کارەکتەر لە داب و نەریت، یان لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵگاکەی ناتەبایە.

٣- ململانێی سیاسی: لەم جۆرەدا، تاک لەگەڵ سیستەمی سیاسی، یان هزر و ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگاکەی یان تاکەکانی تری کۆمەڵگاکەیدا، ناکۆک و دژ دەوەستێتەوە، لەبەرئەوە ڕۆماننوس هەوڵدەدات (ئەو ڕاستییە ئاشکرا بکات کەوا پەیوەندی چینی ڕۆشنبیر و چینی دەسەڵاتدار دەردەخات، کە لە زۆربەی بارودۆخەکاندا ڕێگا بە تاک نادات، هەبێت، مەگەر قبوڵ نەکات بەشێک بێت لێی یان ئامرزاێک بێت لە ئامرازەکانی چینی دەسەڵاتدار)(میساوی، ١٩٩٤: ٩٠). ئەم جۆرەی ململانێ پەیوەندی نێوان بەهێز و بێ هێز، یان دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات دەردەخات، لەهەمان کاتیشدا ئەو هۆکارانە ڕوندەکاتەوە کەوا جیاوازی هزری، ئایدۆلۆژی یان سیاسی پیشاندەدەن.

سەرەڕای ئەوەی ڕەخنەگران چەند جۆرێکی تر یان بەچەند شێوازێکی جیاواز، جۆرەکانی ململانێ پۆلێندەکەن، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان بەو جۆرانە کردوە کەوا لە ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)دا هەن. لە تەوەرەکانی دواتریشدا وردتر هەریەک لەم جۆرانەمان شیکردوەتەوە.

## تەوەری دوەم:

### ١.ڕۆمانی "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان"دا:

بونیاتی ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)* بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ململانێ دامەزراوە و هەریەک لە کارەکتەرەکان لە ململانێ و ناکۆکیدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان و بەرگریکردن لە بۆچونەکانی خۆیان. لەم ڕۆمانەدا چەند کارەکتەرێکی سەرەکی هەن؛ ئەوانیش "سەوسەن فیکرەت، کامەرانی سەلما، خالید ئامون، مەنسور ئەسرین، فیکرەت گوڵدانچی" لەناو ئەمانەشدا " سەوسەن فیکرەت" شاکەسی ڕۆمانەکەیە و هەمو ڕوداوەکان و بەسەرهاتەکان لە دەوری ئەودا دەسوڕێنەوە. هەورەها چەند کارەکتەرێکی تر " مەنگوڕی بابە گەورە، قەلەندەر ئامون، ساقی مەحمود، پڕوشە گوڵدانچی،..". سەرەتای دروست بونی ڕوداوەکان بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، کە ماڵی "فیکرەت گوڵدانچی" لە یەکێک لە شارەکانی ناوەڕاستی عێراق، وەک دەردەکەوێت لە شاری بەغدا ژیاون، دەگەڕێنەوە بۆ یەکێک لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، کە بەپێی وەسف و ڕوداوەکان بێت شاری سلێمانییە، کاتێک لەو شارە نیشتەجێ دەبن سەوسەن، کە کچی بچوکی فیکرەتە، لەیەک کاتدا سێ کوڕی شارەکە دەکەونە داوی خۆشەویستییەوە. ئەو سێ کوڕە سێ کەسایەتی جیاواز، سێ ئایدیای جیاواز..هەریەکەشیان دەکەونە ململانێی یەکتری و هەریەکەیان بە ڕێگەی خۆی هەوڵدەدا سەوسەن بەدەست بهێنێت. بە واتایەکی تر ئەم سێ کارەکتەرە دەکەونە ململانێ بۆ بەدەستهێنانی سەوسەن فیکرەت و دواتریش ململانێکە لە نێوان خالید ئامون و کامەرانی سەلما توندتر دەبێتەوە، لەوێوە ڕۆماننوس دەچێتە ناو وردەکارییەکانی ڕوداوەکان و هەر لێرەشەوە ململانێکان دەست پێدەکەن. لەم دەقەدا چەند جۆرێک لە ململانێ هەستی پێدەکرێت، کە بەو شێوەیە دەیان خەینە ڕو.

### ٢. جۆرەکانی ململانێ لە ڕۆمانی "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان":

#### أ-ململانێی دەرونی:

مرۆڤ بەردەوام لەناو خۆیدا لە دۆخێکی دەرونی جیاجیادایە، ئەو دۆخە دەرونییەش لە ئەنجامی پاڵەپەستۆکانی ژیان و ئەو ژینگەیەی تێیدایەتی سەرهەڵدەدات، یەکێک لەو دۆخە دەرونیانەش ئەو کێشمەکێشم و ناکۆکی و دژیەکیانەیە، کە دواجار خۆی لە ململانێی دەرونیدا بەرجەستە دەکات و زۆرجاریش مرۆڤ دەخاتە دۆخێکی نەخوازراوەوە(یەکێک لەو ململانێیەی کە مرۆڤ لە هەندێ بارودۆخدا دوچاری دەبێتەوە ململانێی دەرونییە، چونکە کاتێک دەرونی مرۆڤ دەبێت بە گۆڕەپانێک بۆ هەمو هێزە دژ بە یەکەکان ئەوا ململانێی دەرونی لەو کەسەدا دێتە

ئاراوە.)(ابراهيم، ٢٠٠٨، ٤٩) ئەم ململانێ ناوەکییەش لە دەرونی مرۆڤەوە بەرەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی هەنگاو دەنێت و لە ئاکاریدا ڕەنگدەداتەوە. لەناو ڕۆمانیشدا کارەکتەرەکان بە جۆرێک مامەڵەدەکەن، کە دۆخە دەرونییەکان لە ڕەفتار و ئاکاریاندا یا لەسیمایاندا ڕەنگبداتەوە، ئەمەش دەسەڵاتی ڕۆماننوس دەردەخات، کە لەڕێی گێڕەرەوە یا خودی کەسێتییەکانەوە نمایشیان دەکات. سەوسەن کچێکە کەسێتییەکی تایبەتی هەیە، کە جیایە لە کچانی خزم و کچانی شارەکەی، هەر ئەم جیاواز بونەی بوەتە هۆی ئەوەی بەجۆرێکی تر دەربکەوێت. وەک لە ڕۆمانەکەشدا دەردەکەوێت لە خێزانێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیردا گەورە دەبێت و باوکی کەسایەتییەکی دیاری هەبو لە بەغدا. هەر لەمنداڵییەوە باوکی دەرگای ژوری کتێبخانەکەی بۆ دەکاتەوە ئاشنای دەکات بە کتێب و خوێندنەوە، هەر ئەمەش کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر دنیابینی و لایەنە دەرونییەکەی (**خوێندنەوەی کتێب لای سەوسەن شتێک بو دەیتوانی هەمو جیهان لە خۆ بگرێت، هەمو جیهان، تەنیا دو شت نەبێ "بۆن" و "دەنگ"، سەوسەن چاوی لێک دەنا وشتەکان تا دوا سنور لەبەر چاوی بەرجستە دەبون، لە خەیاڵیدا ڕەنگ و شێوە و جوڵەی هەمو مەخلوقاتی ناو کتێبەکانی دەبینی، بەڵام ئەوەی دەیترساند بێدەنگی کتێبەکان بو**)(عەلی،٢٠٠٩: ٣٣)لەبەرئەوە سەوسەن بەردەوام لەململانێی دەرونیدا بو، دەیویست بگات بە حەقیقەتی ناو کتێبەکان، هەر ئەمەش لە ڕوخساری و بێدەنگییەکەیدا ڕەنگی دابوەوە و زۆرجاریش بەرەو نامۆیی بردوە، ئەمەش لەوکاتەدا دەردەکەوێت، کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان ئەگەرچی خزمەکانیان پشتیان دەگرن و هاتوچۆیان دەکەن، بەڵام ئەو هەست دەکات غەریبە و بێگانەیەکە لەناویاندا (**خزمەکانیان بەجۆرێک پشتیان گرتن و لە دەوریان کۆبونەوە، کاتێکیان بۆ تەنهایی و حەسرەت و غەمخواردن نەما، بەڵام لەگەڵ هەمو ئەو کۆمەک و هاوکارییەدا سەوسەن دوای هەفتەیەک هەستیکرد ئەم شارە تاراوگەیەکی گەورەیە، شارێکە لەناو ڕەشەبا و گەرما و تەپوتۆزی خۆیدا نقومبوە و دور لە هەمو دونیا لە شوێنێکی چەپەک و لاتەریکدا بیرچۆتەوە، هەر لە هەفتەی یەکەمەوە تێگەیشت کە تا کۆتایی لەم شارەدا وەک یەکێک دەژی بەرەو دەرەوەی ژیان دورخرابێتەوە**)(عەلی،٢٠٠٩، ٤٧)هەر ئەم نامۆییەش وای لێدەکات بەرەو نەگونجان و دژیەکی ببات لەگەڵ خزمەکانی و توشی تانە و قسەی خزمەکانی ببێتەوە.

هەرسێ داواکارەکەی سەوسەن، کاتێ بە هەواڵی یەکتری دەزانن، هەریەکەیان توشی دۆخێکی دەرونی سەخت دەبنەوە. "خالید ئامون" یەکێکە لە داواکارەکان، بەهۆی ئەو خۆشەویستییە سەرسەختەی بۆ سەوسەن هەیەتی، زۆرجار توشی دڵەڕاوکێ و شپرزەیی دەرونی دەبێتەوە، ئەمەش لەئەنجامی ئەو ململانێ و ڕکابەرییەیە، کە لەنێوان هەرسێ داواکارەکەدا هەیە، ئەم دۆخە دەرونییەشی کاتێک هەست پێدەکەین، کاتێک دەچێت "مەنسور ئەسرین" ببینێت، جا کاتێ دەیبینێت هەست دەکات، کە لە بەرامبەر ئەودا کەسێکی دۆڕاوە، چونکە هیچ شتێکی وا کاریگەری لەخۆیدا بەدی نەدەکرد، کە ببێتە جێگای ڕەزامەندی سەوسەن جگە لە دەوڵەمەندییەکەی نەبێت، هەروەک لەسەر زاری گێڕەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە (**خالید ئامون لە پەنهانی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە، بۆ ئەم لە عاشق ناچێت، ئاخۆ عاشقان لە بنەڕەتدا ڕوخسارێکی جیاوازتریان هەیە؟ دڵنیابو ئەو سەوسەن فیکرەتی لەو کوڕە خۆشتر دەوێ...پاش کەمێک دودڵی گوتی "هیچ کەسێکم نەدیوە ئاوا لە عاشق بچێت، خودای گەورە بۆ من وانیم؟" لەبەر**

**دەرگای خەستەخانەکەدا جارێکی تر هەستیکردەوە کە لەرزێکی کوشندەی لێدێت، لە ماشێنەکەدا بەر لەوەی بەرەو ماڵەوە لێخوڕێت بەدەنگی بەرز گوتی " بەر لە شەوی شەممە دەبێت بچمە پێشێ. هەر کەسێک زوتر لەوانی تر قاچ دانێت شانسی زۆرتری هەیە" وایگوت، بەڵام لە ڕۆحیدا هەستی بە لاوازییەکی گەورە کرد.)**(عەلی، ٢٠٠٩، ٣٠) لێرەدا ڕۆماننوس لە ڕێی گێڕەرەوە دیوی ناوەوە و دەرەوەی کەسێتی خالید ئامونمان پیشان دەدات و ئەو دۆخە دەرونییە دەردەخات، کە بەهۆی ئەو ناکۆکی و ململانێیەی لەگەڵ داواکارەکانی تردا توشی بوە، هەر ئەو دۆخە دەرونییەشە وای لێدەکات، کە لە بەرامبەر ئەوانی تردا هەست بەلاوازی و تێکشکانی دەرونی بکات. کەواتە ئەوە ئەو دۆخە دەرونییەیە، کە بەهۆی ململانێوە لەنێوان کارەکتەرەکاندا دروستدەبێت.

## ب- ململانێی کۆمەڵایەتی:

جۆرێکی ترە لە ململانێ، کە لەسەر بناغەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبێت، یان ئەوەتا لەنێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا یان نامۆبونی کەسێک لەناو کۆمەڵگاکەی، کە بە هۆی بۆچونی جیاواز یان جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیرییەوە دروست دەبێت. لە ڕۆمانی "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان" دا سەوسەن کچێکی بێدەنگ و هێمنە، بەڵام لە بۆچونەکانیدا دژ بە کۆمەڵگاکەی و بیرکردنەوەکانیانە، لەناو خێزانی گوڵدانچییەکانیش وەک کەسێکی غەریبە وابو **(سەوسەن نزیکی ساڵێک دەبو هاتبوە ئەم شارە، بەڵام لای گوڵدانچییەکان هێشتا وەک غەریبەیەک وابو کە کەسیان نازانن بەتەواوەتی چۆن بیردەکاتەوە.)**(عەلی، ٢٠٠٩، ٧٠) ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بێدەنگییەوە بو، کە سەوسەن وەک پەرچەکردارێک هەڵبیژاردبو، چونکە ئەو بەردەوام بەدوای زانیاری نوێ و خوێندنەوەدا وێڵ بو جیا لە باس و خواسی کچانی سەردەمەکەی، هەروەک لەو کاتەی خێزانی گوڵدانچییەکان لەماڵی پوری "خەندە گوڵدانچی" کۆدەبنەوە بەبۆنەی ڕۆژی لەدایک بونی یەکێک لە کچەزاکانی، لەو ڕۆژەدا سەوسەن بەجۆرێک قسە دەکات، کە هەموان توشی سەرسوڕماندەکات، ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت، کە باسی داواکارەکانی دەکرێت و بەجۆرێک باسی دەکەن، کە سەوسەن خۆی کەمەندکێشی کردبن، بۆیە گێڕەرەوە بەو شێوەیە بۆمان دەگێڕێتەوە **(کچەکە بەو هێمنییەی خۆیەوە کە سەرەنجی هەموانی ڕادەکێشا بەردەوامبو" هەرچی پیاوی ئەم شارەیە دواجار وەکو یەکن، شتی بچوک لە یەکیان جیادەکاتەوە کە نرخێکی وەهایان نییە.. ئا شتی زۆر بچوک، کە من نازانم چین...بەڵام هەمویان لەم شارە زیاتریان نەبینیوە...هەمویان وەک یەکن، هەرسێکیان لای من وەک یەکن...من هەرسێکیانم وەک یەک خۆش دەوێت. پورە مەعسومەی بەدەنگە گڕ و گرمەئاساکەی، کە لە دەنگی پیاوەکانی گوڵدانچی نێرتر بو بەهەڕەشەوە گوتی " بەڵام ناتوانی شو بەهەر سێکیان بکەیت... تێگەیشتیت.. دەتوانیت تەنیا شو بەیەکێکیان بکەیت" هەمو وایاندەزانی ئەو دەنگە گرمەکارەی پورە مەعسوم هەر ئێستا سەوسەن تێکدەشکێنێت، بەڵام بەهێمنی سەیری کرد و گوتی "لە ئێستادا شو بە هیچیان ناکەم، بەڵام بۆ پاشەڕۆژ نازانم... پورە مەعسوم. پاشەڕۆژ خۆی بڕیار دەدات، شو بە چەندیان دەکەم" وەڵامەکەی بەئەندازەیەک سەیربو هەموانی بێدەنگکرد. هەمو دەیانزانی کیژەکە تەنیا بوکەشوشەیەکی نەخۆش و لاواز نییە، بەڵکو ئیرادەیەکی گەورەشی تێدایە.)**(عەلی، ٢٠٠٩، ٧٢). لێرەدا ململانێی

سەوسەن لەگەڵ خێزانەکەی لەئەنجامی ئەو دژیەکی هزرییەدایە، کە هەریەکەیان بەجۆرێک بۆ دەوروبەر و ڕوداوەکانی ژیان دەڕوانن، کە سەرئەنجام ململانێی کۆمەڵایەتی لێ پەیدادەبێت. لەلایەکی تر جۆرێکیتر لە ململانێی کۆمەڵایەتی، بەهۆی جیاوازی چینایەتییەوە دروست دەبێت. زۆرجار چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا جا چینی دەوڵەمەند و هەژار بن، یان ڕۆشنبیر و خێڵەکی هەریەک لەم چینانە دەکەونە کێبەرکێ بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەوی تردا. لەم ڕۆمانەدا ئەم جۆرە ململانێیەی نێوان سێ خوازبێنیکەرەکان دەگوازرێتەوە بۆ ناو خێڵ و هۆز و عەشیرەتەکانیان و هەریەکەیان هەوڵدەدات، کە ئەو کچە ببێت بە بوکی ئەوان، ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت، کە داواکارەکان دەچنە خوازبێنی سەوسەن فیکرەت، هەریەکەیان کەسانێک دەنێرن بۆ ماڵی گوڵدانچی، کە ئاماژە بێت بە هێز و دەوڵەمەندی یان ڕۆشنبیری خێزانەکانیان. "مەنگوڕی بابەگەورە" بەتەنیا وەک نوێنەری "کامەرانی سەلما"، کە کەسایەتییەکی چەقۆوەشین و شەڕانگێزیان هەبو، ئامونییەکان چوار پیاوی دیاری بنەماڵەکەیان، کە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و دیاری شارەکەبون، چەند کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و هونەرمەندیش وەک نوێنەری بنەماڵەی مەنسور ئەسرین، لەسێ کاتی جیاواز و نزیک لەیەکدا چونە خوازبێنی کچەکەی گوڵدانچی. ئەمەش لەو دیمەنانەدا دەردەکەوێت.

**(فیکرەتی گوڵدانچی بەتەواوی نەیدەزانی ئەم پیاوە چی دەوێت وباسی چی دەکات. بەجۆرێکی تەماوی تێگەیشت یەکێک هەیە دەیەوێت کچەکەی بخوازێت.)**(عەلی،٢٠٠٩، ٣٥)

**(فیکرەت گوڵدانچی مەنگوڕی بابە گەورەی وەک شێتێکی ترسناک هاتە پێش چاو کە هەوڵێکی زۆردەدات دیوە ڕاستەقینەکەی خۆی و دەموچاوە ژێرەکییەکەی نەبینرێت.)**(عەلی، ٢٠٠٩، ٤٧)

**(لەشەوی داهاتودا دوای کۆبونەوەیەک، کە پتر لە بیستوپێنج پیاوی ناسراوی عەشرەتی ئامونییەکانی تێدابو،... بڕیاریان دا، کە پێنج پیاو هەڵبژێرن بچێت بۆ خوازبێنی سەوسەن فیکرەت)**(عەلی، ٢٠٠٩، ٥٥)

**(هەر پێنجیان ناوی کامەرانی سەلمایان دەزانی، دەشیانزانی بۆیە وا بەخێرایی هاتون تا ڕێگا لە کامەرانی سەلما بگرن.)**(عەلی، ٢٠٠٩، ٥٧)

**(کە کامەرانی سەلما و خالید ئامون چونە خوازبێنی سەوسەن، هەمو شار پێکڕا چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد لەهەنگاوی داهاتودا مەنسور ئەسرینیش دەست هەڵبهێنێت.)**(عەلی، ٢٠٠٩، ٦٦)

**(گروپی خوازبێنیکەرانی مەنسور ئەسرین لە هەمو گروپەکانی تر گەورەتر بو، جگە لە ئیبراهیم ئەسرین و براکەی، دو شاعیری بەناوبانگ و ساقی مەحمود و مامۆستایەکی زانکۆ و هەندێ کەسی دیکەشی تێدابو.)**(عەلی، ٢٠٠٩، ٦٦)

**(گەر ئەو فشارانە نەبونایە، پێندەچو مەنسور ئەسرین لەهەمان ئەو دەمەدا بنێرێتە خوازبێنی سەوسەن فیکرەت.)**(عەلی، ٢٠٠٩. ٦٦)

لەم نمونانەدا دەبینین، هەریەک لە گروپی خوازبێنیکەرەکان بەجۆرێک بۆ داوای سەوسەن چون، بەو هیوایەی ببێتە هۆی ئەوەی باشتر دەربکەون لەوی تر و سەرنجی فیکرەتی گوڵدانچی بۆلای خۆیان ڕابکێشن و هەریەکەشیان وێنای لایەنێکی کۆمەڵایەتی دەکەن لە کۆمەڵگادا.

بەشێوەیەکی گشتی ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکان لەسەر بونیاتی ململانێ دامەزراوە، بەتایبەتیش ئەو ململانێیەی نێوان هەر سێ کارەکتەری ناو ڕۆمانەکە، ئەوانیش" کامەرانی سەلما، خالید ئامون، مەنسور ئەسرین" هەریەکەشیان لای خۆیەوە هەوڵدەدات، کە خۆشەویستی سەوسەن فیکرەت بەدەست بهێنن و وەکو هاوسەرێک قبوڵی بکات. لێرەدا ڕۆماننوس بەشێوەیکی لێزانانە دیوی ناوەوە و دەرەوەی کەسێتییەکان و ئەو بارودۆخە دەرونییەی تێیدان پیشان دەدات، وەک ئەوەی کامەران وەک چەقۆکێشێک و شەڕانی و مەنسور ئەسرین وەک کەسێکی خوێندەوار و هەست ناسک و خالید ئامونیش وەک کەسێتییەکی دەوڵەمەند و خاوەن عەشیرەت و کەسێکی لەسەرەخۆ و ڕق لەدڵ و قەلەق، هەریەکێکیشیان کاتێ گیرۆدەی خۆشەویستی سەوسەن فیکرەت دەبن دەکەونە بارودۆخێکی دەرونی ناجێگیر، بەوەی کە ئەم تەنیا کەسێک نییە کە ئەو کچەی خۆش دەوێت، بەڵکو دو کەسی تریش هەن هەمان هەستیان بۆی هەیە، بۆیە سەرەتا دەکەونە ڕکابەری یەکتری و هەریەکەیان ڕق بەرامبەر ئەوی تر پەیدادەکات و دواتر دەکەونە ململانێ بۆ بەدەستهێنانی ئەو کچە، تەنانەت ململانێکان ئەوەندە توند دەبنەوە، کە ئامادەن یەکتری بکوژن لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکەیان. سەرەتای گێڕانەوەی ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکە بە ململانێی نێوان کامەرانی سەلما و مەنسور ئەسرین دەست پێدەکات، کاتێک کامەران دەیەوێت مەنسور ببینێت وقسەی لەگەڵدا بکات، بەجۆرێک قسە دەکات، کە توڕەیی و ڕقی خۆی پیشاندەدات بەرامبەری(**بەجۆرێک سوێندی خواردبو گەر قسەکانی لەگەڵ ئەسریندا نەگاتە ئەنجام بیکوژێت، سوک و ئاسان بیکوژێت.**)(عەلی، ٢٠٠٨، ٥)، هەر ئەو ڕقە بو کاتێک نەگەیشتە ئەنجامێک لەگەڵ مەنسور(**کامەرانی سەلما وەک یەکێک ئەوی بریندار کردبێت، گوتی "لێمگەڕێ بیکوژم...ئێستا نەیکوژم دوایی هەمو ژیانم خەفەتی ئەوە دەخۆم بۆ نەمکوشتوە.**) تا دەگاتە ئەوەی بڵێ (**کوڕی سەگ گەر وازت بهێنایە، بریندارم نەدەکردیت.**)(عەلی،٢٠٠٩، ١٤)لێرەدا دۆخی دەرونی بەجۆرێک دەبێت، کە تەنها بەکوشتن یا بریندار کردن دڵی ئارام ببێتەوە و بتوانێت وا لەو داواکارەی سەوسەن بکات پاشەگەز ببێتەوە. کامەرانی سەلماش لەچاوی خالید ئامونەوە وەک دوژمنێکی سەرسەخت دەردەکەوت(**کوڕەکە دوژمنێکە دەبێت ئامون حسابی بۆ بکات**)(عەلی، ٢٠٠٩، ٤١)، بەهەمان شێوە کامەرانی سەلما هەستی بە شڵەژان کرد، کاتێ زانی ئامونیەکان داوای سەوسەنیان کردوە، چونکە ئەوان ساحێب بنەماڵە بون و وا بەئاسانی دەستبەرداری داواکانیان نەدەبون. هەرچی مەنسور ئەسرینە بەجۆرێکی تر بو ئامادە بو لە پێناوی خۆشەویستەکەی هەرچی داوای لێبکات جێبەجێی بکات، بەڵام نەیدەتوانی ڕق و خۆشەویستی بەیەکەوە کۆبکاتەوە، چونکە هەرچی ئەوە (**تێگەیشت هێدی هێدی ئەو عەشقە بەرەو جۆرە جەنگێکی گەورە وەردەگەڕێت، ئەوەی بتوانێت لەیەک کاتدا عاشق بێت و شەڕکەریش بێت ئەرکێکی سەخت بو، ئەوەی بیەوێت عاشق بێت و پریش بێت لە ڕق و توڕەیی ئاسان بەیەکەوە نەدەگونجان.**)(عەلی، ٢٠٠٩، ٦٧)بەلای مەنسور ئەسرینەوە هاوکێشەکان جیاواز بون، ئەگەرچی هەوڵی تەواوی دا، بۆ ئەوەی خۆشەویستی

سەوسەن بەدەست بهێنێت، بەڵام بیرکردنەوە و ململانێکانی جیاوازبون لەو دو داواکارەی تر. هەرسێ داواکارەکە، کاتێ دەچن بۆ خوازبێنی سەوسەن فیکرەت ڕوبەڕوی یەک بڕیاری چارەنوسساز دەبنەوە؛ ئەویش ئەوەیە، هەرسێکیان بۆماوەی هەشت ساڵ بە جیهاندا دەگەڕێن و باڵندەی جیاجیا دەهێننەوە بۆ سەوسەن، دوای گەڕانەوەشیان کامەرانی سەلما و مەنسور ئەسرین بەتەواوی بۆچونیان دەگۆڕێت سەبارەت بەژیان، بۆیە مەنسور ئەسرین دەستبەرداری خوازبێنییەکەی دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ تەواوکردنی گەشتەکەی، کامەرانی سەلما و خالید ئامون لەسەر داواکارییەکانیان سورن، ئەگەرچی تێڕوانینی کامەران سەلما گۆڕاوە و چیتر ئامادەی کوشتن نییە لەپێناویدا، تەنانەت ئامادە نییە باڵندەیەکیش بکوژێت، ئەمەش لە گفتوگۆکانی لەگەڵ سەوسەندا دەردەکەوێت. هەرچی خالید ئامونە هیچ نەگۆڕاوە، بەڵکو هێشتا سورە لەسەر بڕیارەکەی پێشوی و ئامادەیە بکوژرێت و بشکوژێت لە پێناویدا، هەر لەبەر ئەمەیە، کە سەوسەن بڕیاردەدات کامەران هەڵبژێرێت. لێرەدا هەڵبژاردنی یەکێکیان بەمانای دۆڕانی ئەوی تریان دێت، هەربۆیە ململانێی خالید ئامون لەگەڵ کامەران سەلما توندتر دەبێتەوە، بەتایبەت دوای کوشتنی قەلەندەر ئامون و هەڵبژاردنەکەی سەوسەن توندتر دەبێت، تا دواجار ئەم ڕقە دەبێتە هۆی کوشتنی کامەران و لەوێشەوە کۆتایی بەو ململانێیە دێت، کە لەنێوان هەر دو لادا بەرپابو و ڕەوتی ڕوداوەکانیشی لەسەر بنیات نرابو.

## ج- ململانێی سیاسی:

هەر تاکێک لە کۆمەڵگادا خاوەن هزر و ئایدۆلۆژیا و تێڕوانینی خۆیەتی، ئەم هزرەشی لەناو ژیان و مەوداکانی ژیانیدا ڕەنگدەداتەوە، بەو پێیەی (ئایدۆلۆژیا کۆمەڵە هەڵوێستێکی دیاری کراو و ڕیکخراوە.)(ماضی،٢٠١٠: ١٣٥) ئەم هەڵوێست و ئایدیایانە گوزارشت لە پەیوەندییەکی بەردەوامی نێوان مرۆڤەکاندایە، زۆرجاریش سەردەکێشێت بۆ ململانێ و هەر تاکێک دەیەوێت ئایدۆلۆژیاکەی خۆی سەربخات و تەواوی کۆمەڵگا بکەوێتە ژێر ڕکێفی ئەوەوە، بەتایبەتیش کاتێک دەکەوێتە بواری سیاسەتەوە. ڕۆمانی "کۆشکی باڵندە غەمگینەگان" بەشێکی ڕوداوەکانی لەناو ئەو ململانێ سیاسییەدا ڕەنگدەدەنەوە، کە لەنێوان داخوازیکەرانی سەوسەندا هەن، زۆرجاریش ڕەوتی ڕوداوەکان دەبەستنەوە بەئەوەوە. لەناو کۆمەڵگای کوردیدا ئەوە دەردەخات، کە ڕۆژانێک هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە سەر بە پارت و حیزبێکی سیاسی بون و لەناویشیدا ڕوبەڕوی ململانێی سیاسی بونەتەوە، ئەمەش لەو دیمەنانەدا ڕەنگدەداتەوە، کە لەسەر زاری گێڕەرەوەوە ڕوداوەکانی هەڵبژاردنی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ دەگێڕێتەوە **(لەسەرەتای ساڵی نەودودو دا هەڵمەتە گەورەکانی پروپاگەندە بۆ یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراتی لە شارەکەماندا دەستی پێکرد، یەکێتی نیشتیمانی و پارتی دیموکرات دو گەورەترین هێزی ناو ئەو هەڵبژاردنە بون، ئەو ڕۆژانە هەمو لە جۆش و خرۆشدا دەکولاین، لەو هەڵمەتە گەورانەدا هەموان وەک منداڵی لاسار و بێمێشکمان لێهاتبو)**(عەلی، ٢٠٠٩، ١٧١) لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا ئەو ململانێیە دەردەخات، کە لەنێوان ئەندام و لایەنگرانی هەردو پارتەکەدا پەیدابو، بەوەی ئاماژە بەوە دەکات هەمو وەک منداڵێکی لاساریان لێ هاتبو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان هەروەها ئەو ململانێیەش

دەردەخات، کەلەنێوان قەلەندەر ئامون و مەنگوری بابەگەورەدا هەیە، بە شێوەیەک هەریەکەیان دەست دەکەن بە شەڕە پەڕۆ و فیکە لێدان و ژاوەژاوی سەیارە **(قەلەندەر ئامون لە ڕۆژانی بەر لەهەڵبژاردندا ڕەفتەیەکی زەردی دەکردە ملی و جامانەیەکی سوری دەکردە سەری و پێکڕای کچ و کوڕی خێزانەکەی لە جلی زەرد هەڵدەکێشا و لە پیکابێکی سەر بەتاڵدا دەیگێڕان لەدوای پیکابەکەی خۆیەوە چەندەها پیکابی تر هەبون کە ئەوانیش پڕبون لە کچان و کوڕانی زەردپۆش و هەموش بەیەک دەنگ هاواریان دەکرد ' کاکە...کاکە...")**(عەلی، ٢٠٠٩، ١٧١-١٧٢) لێرەدا ئەو حیزبە، وەک لایەنێکی خاوەن هێز و دەسەڵات دەیانەوێت هەژمونی خۆیان پیشانی هێزی بەرامبەر بدەن، بەمەش دۆخێکی پڕ ململانێ دروستدەکەن، کەوا دەکات لایەنەکەی تریش بەهەمان شێوە کاردانەوەی هەبێت؛ **(مەنگوڕ و کوڕەکانی دەوروبەری تا سێ ڕۆژ بەهێمنی خۆیان گرت و شتێکی ئەوتۆیان پیشان نەدا، لە ڕۆژی چوارەمدا پێش ئەوەی ئامونییەکان لە ماڵ بێنە دەرێ، چەندین پیکابی پڕ لە کچ و کوڕی سەوزپۆش کە یەکی پەڕۆیەکیان بەستبو بە ناوچەوانیانەوە، چونە بەردەم ماڵی قەلەندەر ئامون و بۆ نیو سەعات زیاتر پڕ بە هەمو گەرویان دەیانقیژاند "مامە...مامە")**(عەلی، ٢٠٠٩، ١٧٢). لێرەدا بەهەمان شێوە هەروەک چۆن بۆ هەمو کارێک کاردانەوەیەک هەیە، لەبەرامبەر ئەو کارەی ئامونییەکان، گروپەکەی مەنگوڕیش بەوشێوەیە ڕکابەری خۆیان پیشان دا، ئەمەش ئەو ململانێ سیاسی و ئایدۆلۆژیەیە، کە مرۆڤ زۆرجار لە پێناویدا خۆی دەکاتە قوربانی یان تێیدا دەکوژرێت، هەر لەدەرئەنجامی ئەو ململانێیەشە، کە دواجار قەلەندەر ئامونی لەسەر دەکوژرێت و ئەوانیش لە تۆڵەی ئەودا کامەرانی سەلما دەکوژنەوە، ئەمەش لەئەنجامی بەرزبونەوە و توندبونەوەی ململانێکانەوە دەبێت، کاتێک ((ململانێی گۆتنی گەرم و گوڕ دبیت و ئاستێ ڕێتما دیالۆگێ بەرەڤ بەرزبونێڤە دچیت، وی دەمی دەرئەنجامێ قەرقەشە و جرە بڕا توندا کارەکتەرێن دراماییێ دێ ئالۆزی پەیدا بیت و هەڤرکیا ئەوان دێ بەرەڤ لێکدان و پەڤچونێڤە چیت))(حسن و خالید، ٢٠١٨: ٩٤٠)، کەواتە لەئەنجامی گەرموگوڕی دیالۆگ و بەرزبونەوەی ڕادەی توندی ململانێکان بەرەو ئازاردانی جەستەیی و تەنانەت کوشتنی ئەوی تر دەچێت.

لەلایەکی تریش ئامونییەکان پێیان وابو، کە یەکێتی لە پشت ئەو بڕیارەی سەوسەنەوە بوە، وای کردوە کامەران هەڵبژێرێت لە جیاتی خالید ئامون، چونکە ئەو لە بنەماڵەیەکی دیاری پارتی بوە **(زۆر لە ئامونییەکان باوەڕیان بەو قسانە نەدەکرد و باوەڕیان وابو ئەو سوکایەتیانەی بە خالید ئامون کراون، هۆکارەکانی سیاسین و بڕواشیان وابو یەکێتییەکان دەستیان لەوەدا هەیە کە سەوسەن فیکرەت، خالید وەک مێرد قەبوڵ نەکات.)**(عەلی، ٢٠٠٩، ٢٦٣).

یەکێکی تر لەو ململانێیانەی، کە بە هۆێ ڕوداوەکانی خوازبێنی سەوسەنەوە زیندو دەبێتەوە، ململانێی نێوان مەنگوڕ و ساقی مەحمودە، ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو ململانێیە فکری و ئایدۆلۆژییەی ئەواندا تێپەڕیوە، بەڵام جارێکی تر ئەو ململانێیە سەرهەڵدەداتەوە. گێڕەرەوە باس لە کاتی ساڵانی پەنجاکان دەکات، ئەو کاتەی ساقی مەحمود بیری شوعییەتی هەبوە و سەر بەو ڕەوتە بوە، کە لەو ماوەیەدا گڕوتین و چالاکییەکی زۆریان هەبوە و مەنگوڕیش دژی ئەوان بوە و چەند جارێک طڵە ڕوبەڕوی یەکتر بونەتەوە و کێشە لەنێوانیان دا هەبوە، هەر

ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ساقی مەحمود ئەو ڕق و کینەیەی لە دڵدا دەرنەچێت، کە بەرامبەر مەنگوڕ هەیبوە **(لەکۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا دەمانێک کە هەردوکیان گەنج بون، چەند جارێک لە ئاهەنگەکاندا بەزمی گەورەیان بوبو، مەنگوڕ ئەو زەمانە خۆی وەک دوژمنێکی سەرسەختی کۆمۆنیستەکان پیشاندەدا، هەموش دەیانزانی ساقی مەحمود هەواداری کۆمۆنیستەکانە، مەنگوڕ سڵی لەوەنەکردبوە جارێک ڕو بەڕو پێیبڵێت "تۆ لۆتییەکی شیوعیت". ئەوەی ئەو کاتە وایکرد بێدەنگ بێت، فشاری حیزب و ڕۆحی هونەرمەندەکەی ناوی بو، ڕاستە دوای هەرەسی شۆڕشی بەرزانی مەنگوڕ لە شایییەکدا دەستیکردبوە ملی و داوای لێبوردنی کردبو، بەڵام ساقی مەحمود هەرگیز لە دڵەوە لەگەڵ مەنگوڕدا ئاشت نەبوەوە. ئێستا نە ساقی مەحمود شیوعی بو نە مەنگوڕیش مەیلی سیاسەتی مابو، بەڵام تێوەگلانی مەنگوڕ لە بریندارکردنی کوڕەکەی ئیبراهیم ئەسریندا ئەو برینانەی کولاندەوە و ئەو کینەیەی جارانی تیا زیندو کردەوە.)**(عەلی، ٢٠٠٩، ٨٤) لێرەدا ئەگەرچی لە ئێستای گێڕانەوەکەدا هیچ لەو دو کارەکتەرە مەیلی سیاسەتی پێشویان نەماوە، بەڵام ئەو پەیوەندییە ململانێیەی بەهۆی خۆشەویستی سەوسەنەوە دروست ببو، جارێکی تر ئەو ناکۆکی و دژیەی نێوان ساقی مەحمود و مەنگوڕی نوێکردەوە، ئەمەش جۆرێک لەو ململانێ ئایدۆلۆژییە زیندودەکاتەوە، کە پێشتر هەریەکەیان هەیانبوە. بەم شێوەیە ململانێی ئایدۆلۆژی لە تەواوی ڕۆمانەکەدا هەستی پێدەکرێت و لەگەڵ پێشکەوتنی ڕەوتی ڕوداوەکانیش ململانێکان توندتر دەبن.

## ئەنجام:

١- لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا؛ ململانێی ناوەوە، لە ململانێی دەرونی و ململانێی دەرەوە لە ململانێی؛ کۆمەڵایەتی، ئایدۆلۆژی ڕەنگیداوەتەوە، لەگەڵ بەرەو پێشچونی ڕەوتی ڕوداوەکان، ململانێکان توندتر دەبن و تاکۆتایی ڕۆمانەکە بەردەوام دەبن. توندبونی ململانێکانیش ڕەوتی ڕوداوەکان بەرەو پێش دەبەن.

٢- لەم ڕۆمانەدا ململانێی کارەکتەرەکان بە گەڕانەوەی سێ کارەکتەرەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، بە کشانەوەی مەنسور ئەسرین لە لیستی داواکارەکانی سەوسەن فیکرەت، ململانێکە لەنێوان کامەران سەلما و خالید ئامون توندتر دەبێت، لەدواتردا بە کوشتنی کامەرانی سەلما ململانێکانیش کۆتاییان پێدێت و پلۆت و چنینی ڕۆمانەکەش بەرەو کرانەوە دەچێت و ڕۆمانەکە بەرەو کۆتایی دەبات.

٣- لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا بە کوشتنی کامەران سەلما، ململانێی خودی و ناوەکی زیاتر لە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەدا - سەوسەن فیکرەت – بەرجەستەدەبێت، بە تایبەت ململانێی سەوسەن لەگەڵ دەوروبەر و کۆمەڵگا و خودی خۆی.

٤- ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بونیاتی ململانێ دامەزراوە، ڕۆماننوس لێزانانە هەوڵی داوە ئەو ململانێیە بەرجەستە بکات، کە لە تەواوی ڕۆمانەکەدا هەستی پێدەکرێت.

# Conflict of Characters in the Novel “the Sad Bird’s Nest” by Bachtyar Ali

**Avin Asos Hama**

Directorate Education of Rania, Ministry of Education، Rania, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

A Conflict as a technique of novel has a vital role in the of configuring the events and characters in the novel and the novelist often bases the plot of his novel on conflict. The conflict itself depends on the nature of relationship between the characters, as well as the conflict and contradiction between the characters or other components of the novel, which eventually creates a rational state, or contradiction between them. This study, from the perspective of the structure of the novel, attempts to explain the conflict of the characters and its types, while at the same time identifying the reasons behind the events and the reasons that cause the characters to fall into conflict.

The novel “The Sad Bird's Nest” is one of the novels that is generally based on the idea of conflict and starts with the conflict of characters at the beginning of the narrative and then extends to the depth of events and the conflicts between the characters themselves, or characters and society. From this perspective, in this study we have tried to identify the types of conflicts, the causes of conflicts and their role in promoting events

At first, we have explained the concept of conflict, and relationship between conflict and literature, in another topic we have discussed the personality conflict in the novel, In the last topic, we showed the kinds of conflicts in this novel. Finally, we have shown research result with some points and references that we used in the research.

The results of the research shown that conflict affects the behavior of the characters and causes changes in the thinking and understanding of the characters in the novel "The Sad Bird’s Nest", so that each of the characters, "Kamrani Salma, Khalid Amun, Mansour Asrin" attitude towards about love and their life.

**Keywords**: Conflict, Character, the Conflict of Psychology, the Conflict of Society, the Conflict of Ideology

## سەرچاوەکان:

ابراهیم، سەرکەوت عمر (٢٠٠٨)، ململانێی کەسێتییەکان لە ڕۆمانەکانی(حوسێن عارف)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

حەسەن، شێرزاد (٢٠٠١)، لە ستایشی ئەدەبدا،چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

حسن و خالید، شڤان قاسم و عبدالله عزیز، ٢٠١٨، بەرجەستەبونا هێزێن هەڤدژێن دراماتیکی د داستانا "شێخێ سەنعان" یا (فەقێ تەیران)دا – ب نمونەیا جۆرێن مرۆڤ دژی خۆ و مرۆڤ دژی مرۆڤی – گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ، ب: ٦، ژ: ٤، زانکۆی زاخۆ، زاخۆ.

ڕەسوڵ، هەڵمەت بایز(٢٠١٢)، ڕەهەندی دەرونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا، چ١، دەزگای موکریانی، هەولێر.

سابیر، پەرێز (٢٠٠٠)، بینای هونەری چیرۆکی کوردی، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

سەراج، عەبدوڵا (٢٠٠٧)، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، چ١، چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

فتاح، ئاراس (٢٠٠٧)، چەمکی ململانێ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

عەلی، بەختیار (٢٠٠٩)، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

عەلی و عەبدولغەفور، بارزان و هەژار ئەحمەد، ٢٠٢٤، ململانێی (ئاغا و جوتیار) لە ڕۆمانی (خاک و چەوسانەوە) و (خاک و کێشەی مان) ی (عەزیزی مەلای ڕەش)دا، خوێندنەوەیەک بەپێی بنەمای گشتێتی لوسیان گۆڵدمان، گۆڤاری قەڵای زانست، ب٩، ژ: ٢، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر.

ماضی، شکری عەزیز (٢٠١٠)، تیۆری ئەدەب،و: سەردار گەردی، چ١، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

مایی، زێرەڤان ئەمین (٢٠١٥)، ڕێبەرێ چارەسەرکرنا ململانا و ئاڤاکرنا ئاشتیێ، چاپخانا خانی، دهۆک.

مونیف، عەبدولڕەحمان (٢٠٠٦)، تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان،و: شیرین. ک، چ١، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

مەنتک، حەمە (٢٠١٨)، هونەرەکانی چیرۆک نوسین، چ ١، چاپخانەی تاران، تاران.

وات، ئیان (١٩٨٦)،سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی،و: ڕەوف بێگەرد، مطبعة علاء، الوزیریە، بغداد.

ابتسام، شمار، ٢٠٢٠، الصراع فی روایة"وبدأ الظلام" لعمرو المنوفی، رسالة الماجستیر، جامعة محمد خیضر بسکره، الجزائر.

بدوی،احمد زکی (١٩٨٢)، معجم المصطلحات العلوم الاجتماعی، مکتب للبنان للطباعة، لبنان.

حسین،حسن عجیل(١٩٨٩)، الصراع بین القانون الوضعی والعرف الاجتماعی، رسالة ماجستیر، جامعة السلیمانیة، السلیمانیة.

راجح، احمد عزت (١٩٦٨)، اصول علم النفس، ط٧، دار الکتاب العربی للطباعة والنشر، قاهرة.

زندی،امیر خداکرم محمد علی(٢٠٠٩)، العولمة فی الضوء نظریة الصراع الاجتماعی، رسالة ماجستیر، جامعة السلیمانیة، السلیمانیة.

المراح، عبدالباسط، ٢٠١٧، تمثیل الصراع فی روایة (ارض الحب) لحبیب الرحمن الشیرازی من خلال نظریة لویس کوزر، مجلة اللغات والدراسات الثقافیة، نیجیریا.

میساوی، احمد، ١٩٩٤، انواع الصراع فی روایات نجیب الکیلانی، رسالة الماجستیر، جامعة تلمسان، الجزائر.

النورەچی، احمد خورشید (١٩٩٠)، مفاهیم فی الفلسفة والاجتماع، ط١، دار الشؤون الثقافیة العامة،بغداد.

وهبة، مجدی (١٩٧٤)، معجم المصطلحات الادب، مکتبة لبنان، بیروت.

Oxford WORDPOWER Dictionary (2006), 3rd edition, OXFORD University press, NewYork.

## پەراوێز:

* ڕۆمانی " کۆشکی باڵندە غەمگینەکان" یەکێکە لە ڕۆمانە دیارەکانی " بەختیار عەلی"، کە لە ساڵی ٢٠٠٩ دا بڵاوکراوەتەوە. وەک دیاریشە بەختیار عەلی یەکێکە لە ڕۆماننوسە دیارەکان و لە نوسینی ڕۆماندا، خاوەن خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیەتی. ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بیخەینە بەر باس لە توێژینەوەکەماندا، ڕەنگدانەوەی ئەو ململانێیەیە، کە لەنێوان کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانەدا هەستی پێدەکرێت.